# رۆشنبیری بێ پەرجـــــــــوو

پرسی گەرمی ئەمڕۆکە لەناو ئەم تەنگژە سیاسییەدا پتر رووی لەو داواو خۆزگانەدا چڕ بۆتەوە کە ئاخۆ رۆشنبیری کورد دەتوانێت رۆڵێکی بەرچاوو پێشەنگانە ببینێت؟ ئاخۆ لەناو بەیەکدادانو ململانێیەکی وەها کوشندەی رامیاریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیدا، خوێندەوارەکانی ئێمە دەتوانن رۆڵێکی پەیامبەرانە ببینن و پەرجوویەکیـموعجیزەیێکیان لەهەگبەدایە کە ببنە کۆتری ئاشتیو ناوبژیوانێکی ژیرو خاوەن گۆچانی سیحراوی؟ ئایا رۆڵی رووناکبیران لەناو بزافو رابوونو شۆڕشەکاندا چ کاریگەریو زەخمێکی بووە؟ ئاخۆ رۆشنبیرو سیاسەتکار دوو بوونەوەری تەواو جیاوازنو دایکیان جیاوازە یان دوو کۆرپەلەی ناو هەمان منداڵدان بوون، بەتایبەتی لای ئێمە؟ لەکوێدا جوڵەو چالاکییەکانیان لەیەکدی جیا دەبێتەوە؟ لەکوێوە هاتووە کە رۆشنبیر چاودێرە بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا کە هەمیشە ناچارە قیبلەنما یان رێنومایەکی ئەخلاقی پێبێت؟ بۆسەڵەیەکی وا کە شۆڕشگێڕ سەرەتا هەیەتیو کە دەگاتە دەسەڵات ئەو بۆسەڵە ئەخلاقییە وندەکات، بەتایبەتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستو کنە خۆمان، ئەزموونی وڵاتانی عەرەبیو بەشێکی زۆر لەئەفەریقا کە ئەم داتەپینە ئەخلاقییەی لەبواری سیاسیدا بەخۆیەوە بینیوە، نموونە گەلێکی زۆرن، بەتایبەتی کە حوکمڕانیو پایەکانی لەسەر دەزگایەکی هاوچەرخانەی دەوڵەتی دانەمەزراون، وەك ئەمڕۆکە لەرۆژئاوادا کەوتۆتە ناو چوارچێوەیەکی ژیان بەڕێوەبردن کە تیایدا زۆر زەحمەت بووە سیاسەتبازی تاقانەو سەرۆکی موعجیزەو کەڵەگا گەمە بەژیانو چارەنووسی خەڵکی بکات. هەموو ئەم پرسیارانە وامان لێدەکات بیر لەناسنامەی رۆشنبیر بکەینەوە کە چی دەگەیەنێو چ کەسێکەو خەسڵەتەکانی چین، ئایا رۆشنبیر بوون ئەرکێکە کە ئەوانیدیکە بەسەریدا دەیسەپێنن یان بەرپرسیاربوونێکە کە لەو ئەخلاقە مرۆڤدۆستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە خۆی لەناو خۆیدا کەڵەکەی دەکاتو دەبێتە میراتو مێژوویەك بۆ کارنامەو ستراتیژێکی دوور مەودا؟

لەسادەترین پێناسەدا رۆشنبیر دەکرێت "ئەو کەسە بێت کە عەقڵی هەیەو بەو عەقڵە بیر دەکاتەوە کە (گرامشی) جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەم کەسێکە کە بۆ هەمیشە (جەنگاوەری رۆشنایی)یەو دژ بەتاریککردنی ژیان دەجەنگێت، بەتەنها زاری هەیە لەتەك قەڵەمو کاغەزدا کە بەرهەڵستی ستەمکاریو دەسەڵاتێکی ملهوڕو

کەڵگا دەکات، گەرچی دەسەڵاتداران خاوەنی چەندین کەناڵی راگەیاندنو بانقی پارەو سوپایەکی پڕ چەکن، کە ئاشکرایە ئەوە ململانێیەکی نایەکسانە لەبەرامبەر ئەو هێزو توانایەی فەرمانڕەوای ستەمکار هەیەتی، رۆشنبیرێکی راستەقینە نادۆزینەوە، بەدرێژایی مێژوو کە جەنگی خۆی بەرپا نەکردبێت بۆ سەرخستنی هەقو جوانیو خێرو دادپەروەری، مانەوەی بەها هەرە مەزنەکانی مرۆڤو مرۆڤپەروەری کەڵکەڵەی یەکەمی ناو سەری رۆشنبیرە، تێکۆشانو رەنجی هەمیشەیی خۆی بەئەرك دەزانێتو لەسەرووی بەرژەوەندی خۆیەوە هەوڵی بۆ دەدات، تەماعەکانی دەسەڵات فریوی نادات، دەکرێت لەڕووی رۆحیو جەستەییەوە ببێت بەقوربانی، لەتەك کەمینەیەکی بندەست بوەستێتو زۆرینەیەکی فریوخواردوو دژی بوەستن، یا لەپێناو مافو ئازادی زۆرینەیەك تێبکۆشێتو کەمینەیەکی تێرو دەستەبژێر بەخیانەتکارو سەرلێشێواو لەقەڵەمی بدەن، بەتایبەتی گەر دەسەڵاتی چینێکی سەردەستە بێت.

مەرجیش نییە مامۆستایانی زانکۆو نووسەرانو هونەرمەندانو پیشەگەران بەگشتی، بەچینو توێژی جیاوازەوە، بکەونە ناو بازنەی رۆشنبیرانەوە، چونکە بوونی مەعریفەتێکی زاڵ بۆ فرێدانی پرسیارگەلێکی زۆر لەتەك گومانو رەخنەدا یەکەمین ئیشی رۆشنبیرە، لەکارگەی ئەودا تاك حەقیقەتو حوکمی رەهاو خواهانەو یەقین پەرستیو یەقین فرۆشی لەئارادا نییە، ئەم کارەش هەموو رۆشنبیران ناگرێتەوە، چونکە مەرج نییە هەر کەسێك بانگەشەی بۆ بیروباوەڕو بەهایەك کرد بکەوێتە ناو ئەو خانەوە. فوکو دەیوت: "هۆشیاری ئێمە لەبازنەی جوگرافیای رۆشنبیری فەرەنسا تێناپەڕێت، ئەوەش وامان لێدەکات بەتەوسەوە- شارل دیگۆل بەرۆشنبیر بزانین". رۆشنبیری چەکدار بەمەعریفەت بێ مۆراڵێکی مرۆڤدۆستانە ناتوانێت لەبەرامبەر شێوە دزێوەکانی دەسەڵاتدا بوەستێتەوە، مەرجیش نییە ئەو دەسەڵاتە دەوڵەتی یان حیزبی بێت، جار هەیە مەزهەبگەرایی یان خێڵەکییە، جار هەیە لەناو چنگی بنەماڵەیەکدا چڕ بۆتەوە، ئەم بەرهەڵستکارەو ناکۆكو ناتەبایە لەگەڵ بەها باوو گەندەڵەکانی سەردەمی خۆیدا، رۆڵی شایەتحاڵ دەبینێت بەسەر مێژووداو تۆماری تایبەت بەخۆی هەیە، تۆماری جوانیو ناشیرینییەکان، لەڕۆژگارێکدا کە دەکرێت ژمارەیەك لەڕۆشنبیرو ناڕۆشنبیر لەبەرامبەر رووداوەکاندا کەڕولاڵ بن، ئەم نە شەرمو ترس دەناسێتو نە دوودڵە، ئاگاداری ئەوەشە هەر سەردەمێكو جەنگو چەكو زمانی تایبەت بەخۆی گەرەکە، لەبەرژەوەندی چەوساوەکانو بێنەوایان هەڵدەداتێو هیچ هێزێك دەرەقەت نایەت سەربەستی وتنو نووسینی لێبستێنێتەوە، لەناوئاخنی پارتو مەزهەبو دۆگماکان ناتوێتەوە، ئەم بەپێچەوانەی حیزبو سیاسەتبازەکانی دەجوڵێتەوە کە نوقمن لەناو گەمەی رۆژانەو تاکتیکبازی،

بەتایبەتی لای خۆمان، رۆشنبیر بێ پلانو ستراتیژی درێژخایەن کار ناکات، بۆ ئەو رۆڵەی کە پێی دەسپێردرێت، لەقۆناغو سەردەمی جیاوازدا، ئەرکەکانی گۆڕاون، هەر لەوەی کە داوای لێکراوە تێکەڵ بەهەموو بزافە رامیاریو کۆمەڵایەتییەکان بێتو بگرە وەك پێشەنگ تەماشا کراوەو رابەرایەتی شۆڕش بەوان سپێردراوە، یان وەك مرۆڤێکی دوورەپەرێز چاوی لێکراوە کە لەخەڵوەتی خۆیدا سەرگەرمی پرۆژە فیکرییەکانی خۆیەتی، کە ئەمەیان روانینێکە لەسەدەی نۆزدەهەمدا باو بووە. گەرچی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام رۆڵی ئەم لەهی باقی خەڵکەکە جیاواز بووە، رۆڵی هەرە بایەخداری ئەم بەرگریکردن بووە لەسەربەستی بیرورا دەربڕین، لەتەك پێشکەشکردنی بیرو بۆچوونی تازە لەمەڕ دونیایەك کە تازەیەو لەئایندەدا دەسازێتو پەیدا دەبێت، سەروکاری لەگەڵ یەقینەکانی ناو سیاسەتو ئایین نییە.

هیچ قۆناغێکی مێژوویی نییە، چ لەرۆژئاواو چ لەرۆژهەڵاتدا، کە بەدەربێت لەدڵداری نێوان رۆشنبیرو دەسەڵاتدا، لەفریوو خۆبەدەستەوەدان، خۆ بەدوور گرتن لەسیحرە زۆرەکانی دەسەڵات یان چوونەناو باوەشی پڕ لەنازو نیعمەتیدا بەشێکە لەمێژووی فیکرو رۆشنبیراندا، هەن خیانەتیان لەئەرکو فەرمانەکانی خۆیان کردووەو هەن بەشکۆمەندییەوە پەیامەکەی خۆیان بەجێگەیاندووە، دەکرێت رووناکبیر ئەندامی حیزبێك بێت بێئەوەی بیرو بۆچوونەکانی خۆی بدۆڕێنێتو لەسەربەستی خۆی دابەزێت، هەڵبەتە حیزبە کوردییەکان بۆ هەمیشە کارگەیەکی گەورەی خەساندنی ئەو رۆحە جەربەزەیە بوون کە دەکرێت رۆشنبیر هەڵگری بووبێت، کوشتنی ئازایەتیو کپکردنی دەنگە دلێرەکان یەکەمین هەوڵی ناو حیزب بووە، هەموو رەخنەو بەرهەڵستکاریو گومانێك وەك لەرێلادانو خیانەت چاوی لێکراوە، ئاکامیش بەکوشتنو تۆرانو ترۆکردن کۆتایی هاتووە.

لەماوەی ئەو بیست ساڵەی رابردوودا مێژووی ئێمە گەرمترین دڵداری نێوان دەسەڵاتدارانو رۆشنبیرانی بەخۆیەوە بینی، بیانووەکانیش زۆر بوون، نەمانو شاربەدەر کردنی (باوکی عەرەبی) وایکرد خوێندەوارو نەخوێندەوارەکان پێکەوە، بەژمارە هەرە زۆرەکەی، باوەش بۆ (باوکی کوردی) بکەنەوە بێئەوەی گومان لەو رۆحە ستەمکارو زۆر زاڵە بکەنەوە کە دەکرێت خەسڵەتی خراپی هەموو باوکەکان بێت بەدەر لەوەی سەر بەچ نەتەوەو ئاینێکە، لەراستیشدا دابەزینی باوکە کوردییەکان بەخۆیانو بەترو تفاقی جەنگەوە، بەجامانەو رەختەو فیشەکدانو خەنجەری بەر کەمەرەوە، تازە هاتوو بەدروشمی بریقەدارەوە، بەخەونو مژدەی رەنگاو رەنگەوە، بەرۆحی شۆڕشڤانیو بەرخودانو رابوونەوە، هیچ بوارێکی نەدەدا

لەو رۆحە نەوسنو ستەمکارو تەماعکارەی ورد ببینەوە، هێشتا بۆنی خوێنو فرمێسكو ئارەقەیان لێدەهات، دەبوو هەمووان، بەڕۆشنبیرانیشەوە، جلەوی ئەسپەکانیان بگرینو تێر ئالیکیان بکەین، باوکەکانیش پێش خۆمان بخەین تا دەگەنە بنەبانێو دیوەخانەکانیان بۆ گەرم بکەینو خۆشترین جێو بالینگیان بۆ بەرەوا بزانین، هەقایەتی ئەو بیست سالەهەقایەتی سەرمەستی نێوان دەسەڵاتدارانێکی دەستەبژێر بوو لەتەك سەدەها خوێندەواری شاگەشکە بەگەڕانەوەی باوکەکان، بێئەوەی کچەکانو کوڕەکان بیر لەوە بکەنەوە کە ئەوان لەبەردەم ئەو کۆشكو قەڵایانە بێجگە لەدەرگاوانو مەیتەرو ئاشپەزو کارەکەرو خزمەتکار هیچی دیکە نەبوون، وەلێ دەست پێوەندێکی تێرو تەسەلی نێو کۆشکەکان، هەر بۆیە مانایەکی گەورە لەوەدا نەما کە کام رووناکبیر چەپڕەوەو کامەیان راستڕەوە. ئەو ژمارە کەمەی کە گومانیان لەو دۆخە هەبوو، کەوتنە قسەو نووسین، پرسیاریان لەئەخلاقی باوکە سیاسییەکانی خۆمان دەکرد، خوو خدە خراپەکانیان دەخستنە بەرچاوان، شیکاری ئەو رۆحە ستەمکارەیان دەکرد، وەك هەڵپاسو سپڵەو داخ لەدڵو تابووری پێنجەم حیسابیان بۆ دەکرا، گرفتی راستەقینەش لەوەدا بوو دەبوو هەرهەمووان بەو زڕباوکانە قایل بن، دەنا باوکە عەرەبییەکان بەخۆیانو شمشێرەکانەوە لەبیابانەکانەوە دەگەڕێنەوە. ژمارەیەکی زۆر لەقەڵەم بەدەستەکانی کورد بۆ هەمیشە هەقایەتی ئەو ترسو تۆقینو هەڕەشانە بۆ عامی خەڵکی دەگێڕنەوە کە بۆ خۆی گوتارێکە نوقمە لە ناعەقڵانییەت، بەوەدا کە وامان لێدەکەن بیر لەئایندە نەکەینەوەو خەون نەبینین بەوەی کە دونیایەکی جوانتر لەوەی ئەمڕۆکە هەیە، بوونی ئیمپراتۆریەتی راگەیاندن بەدەست حیزبەکانەوە، بەجۆرێك بووە کە سەرانی ناو حیزبەکان، هەریەکەو بۆ خۆی بەتەنیا خاوەنی چەندین کەناڵی بیستراوو بینراوو نووسراوی راگەیاندن بێت، دیسانەوە پێویستی بەسەدەها قەڵەم بەدەستو رۆشنبیر بێت کە ئەو ماکینە زەبەللاحانە بخەنەگەڕ، بەتایبەتی لەماوەی چەندین ساڵی براکوژیدا پتر کەوتەگەڕ، بەتەواوی کەلچەری جەنگو دوژمنکاری زاڵبوون، زمانێکی تازەی پڕ لەزەبروزەنگ کە وایکرد ئەدەبیاتێکی شەڕ بێتە ناوەوە تا ئەمڕۆکەش درێژەی هەیە، کەچی لەماوەی ئەو بیست سالەچ شەڕ بووبێتو چ ئاشتی، ئەو ژمارە لەڕۆشنبیران کەمترین دڵەڕاوکێو گومانیان نەکرد لەوەی کە ئەمەی روودەدا بەدەرە لەئەخلاقی سیاسەت کە بەڕێوەبردنی ژیانی خەڵکە بەزیباترینو شیاوترین شێوە کە لەگەڵ مرۆڤبوون یەك بگرێتەوە. هێشتا نازو نووزی شۆڕشگێڕیو بەرخودانی قۆناغی شاخ سەرکردەکانو بنکردەکانی بەرنەداوە، هێشتا شاگەشکە بەگەڕانەوەی باوکەکان لەغەریبی بۆ ناو ماڵ/ نیشتیمان وایکردووە بەهەزارەها خوێندەوارو نەخوێندەوار هەبن کە هەر گومانو رەخنەو پرسیارێك رەت بکەنەوەو

لەوەی ئاخۆ ئەوەی لەژیانی رامیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتی ئێمەدا دەگوزەرێت رەوایە یان سەرەتایەکە بۆ ستەمکاریو ملهوڕیو دۆڕانی خەونەکان؟

شەڕی ناوخۆ لەوەدا قۆناغێکی یەکلایی کەرەوە بوو کە دوو زۆنی زەردو سەوزی دروستکرد، ئەو سنوورەی کە لەیەکدی جیای کردنەوە تا هەنووکە نەسڕاوەتەوە، سەرباری ئەوەش دوو گرووپی گەورەی دژ بەیەکی دروستکرد لەخوێندەوارانی کورد کە هەرلایەکیان سەرگەرمی بڕوبیانوو هێنانەوە بوو بۆ ئەو ئاگر کەوتنەوەیە، بەڕادەیەك کە پەڕینەوەی نووسەرانو هونەرمەندان لەزۆنی زەردەوە بۆ زۆنی سەوز یان بەپێچەوانەوە، بەیەکێك لەحەرامە گەورەکان دادەنرا، هەتا بێلایەنی جێگەی گومان بوو. دوای ئاشتبوونەوەی سەرکردەکانی هەردوو حیزبەکە، تاکە تاکە بەشەرمەوە خێڵی خوێندەواران دەوێران سەراسووی یەکدی بکەن، رێك وەک ئەو دوو شوانەی مێرگو پاوانی خۆیان جیاکردبێتەوەو دڕدۆنگو دوژمن بن بەیەکدی، بەڵام کە ئاشت دەبنەوە، ئامادەن پاوانو مێرگو مەڕو ماڵات تێکەڵ بکەنەوە. ئەم گومانو شەڕە تا ئەمڕۆکەش درێژەی هەیەو وای لێهاتووە کارکردەو جووڵەی فیکری رۆشنبیران پتر لەچوونە ناو کێڵگەی (مین ـ لوغم) دەچێت کە ئاسان نییە بزانیت پێ لەکوێ دادەنێیتو چۆن هەنگاو بنێیت کە لوغمێك نەتەقێتەوە.

ئەگەر گوناهێك هەبێت، ئەوە زۆرینە لێی بەشدارن کە نەمانتوانی بەکۆ ـ ئیجماع دەنگ هەڵبڕینو ببین بەهێزێکی یەکگرتوو، دژە شەڕو ئاشتیخواز، لەهەنووکەدا پانتایی ئەو گومانە لەیەکدی کەمتر نییە لەسالانی رابردوو، کۆمەڵگای ئێمە بۆتە مەیدانی ناوو ناتۆرەو تۆمەت بەخشینەوەو خۆ پاك کردنەوەو پیسکردنی ئەویدیکە. پەروەردەی جەنگو کوشتارکاری بەدرێژایی دەیەها ساڵ رۆحی زۆربەمانی پڕکردووە لەڕقو دوژمنکاری، سیاسەتو کارەکتەرەکانی ناو ئەو گۆڕەپانە پشکی شێریان بەردەکەوێت لەدروستکردنی ئەو رۆحە وێرانکەرە. لەناو گەرمەی شەڕی براکوژیدا بانگەشەو خۆزگەیەك هەبوو لەلایەن ژمارەیەك لەڕۆشنبیرانی ئاشتیخواز کە ئاخۆ دەکرێت ژمارەیەکی زۆر لەنووسەرانو هونەرمەندانو دەستە بژێرێك لەخوێندەواری ناو هەردوو حیزبی شەڕکەر واز بهێننو دەست لەکار بکێشنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەکەناڵەکانی راگەیاندنەکان کاریان دەکردو چالاك بوون، بەڵام هیچ کەس ئامادە نەبوو، ئەم پێشنیارە چەند جارێك دووبارە کرایەوە، بەتایبەتی لەناوەڕاستی نەوەدەکان، وەلێ بێهوودە بوو، زۆربوون ئەو سیاسەتبازو رۆشنبیرانەی بڕوایان وابوو کە ئەو خۆکوژییە تا سووری خوێن بەربوونەکەی تەواو نەکات، ناوەستێت. هەر واش بوو چەورکردنی ماکینەی شەڕ لەلایەن ئۆردوویەك خوێندەوارەوە چەور دەکراو باراشەکەشی خوێنی سەدەها لاو بوو. تا هەنووکە ئەو

ئاشە هەر دەگەڕێتو بەخوێنی تازە چەور دەکرێت. باوکەکان چەقۆ تیژ دەکەنەوەو کوڕەکانیش هەسانیان بۆ رادەگرن .لەناو وەها فەزاو ژینگەو کەلتوورێکدا کە خوێنو زمانی یەکدی سڕینەوە زاڵ بێت، گفتوگۆو رۆحی بەخشندەیی دەبێت بەخەونێکی مەحاڵ. ناکرێت بەتەنها حەزی ئەو زاتانە بەسەر حیزبەکانو لایەنەکاندا بکەونە بەرەی دژ بەیەك، ئەگەرچی ئەوەیان بۆ مرۆڤ پاڵنەرێکی کەمو سووك نییە، سایکۆلۆژیا یارمەتیمان دەدات کە حەزو ئارەزووە زاتییەکان بەکەم وەرنەگرین، چ ماددی بن‌و چ رۆحی، جا ئەو حەزو ئارەزووانە هی سەرکردەکان بێت یان بنکردەکان، هی رۆشنبیران بێت یان نیمچە خوێندەوار، مێ بن یان نێر.

رۆحی دەروێش ئاساو خۆدانە پاڵ هێزێکی گەورەی ئاسمانی یان سەرزەمینی بۆ شاردنەوەی کەمایەسیو گرنگی مەردوومەکان وادەکات حیزبو خێڵ ببنە پەناگا، ئایدۆلۆژیایەك ببێت بەفریادڕەس، هەربۆیە پەرتبوونی هێزەکانو دەنگەکانو لەتوپەتبوونی رۆحەکانو تۆرانیان لەیەکدی ئەگەرێکی کراوەیە، لەکۆمەڵگایەکدا کە دوو جەمسەری هێزدارو بێهێزەکان دابەشبوونو بەبێ یەکدی ناژین، هیچ کاتێك پێویستیمان بەوە نییە بەدوای فیکردا بگەڕێین بۆ لایەنگیریو چوونە ژێر چەتری هێزە گەورەکان یان گەڕان بەدوای باوکەکاندا هەتا گەر دووربن لەسۆزو میهریش. ئاراگۆن-ی شاعیر بەحیزبی شیوعی فەڕەنسی دەڵێت: "باوکە وا هاتم.. باوەشت بۆ من بکەوە!". کە دواترو درەنگ دەتۆرێت. لەناو ئێمەدا خۆ دادگاییکردن لەڕووی ئەخلاقییەوە دەگمەنە، هێزی حیزبو خێڵی گەورە ئەو هەستە لەمەردوومە چکۆلەکاندا دەکوژێت کە گومان لەپاکیو راستی ئەو هێزە بکەن، هەر ئەوەشە وایکردووە ئەندامەکانو ئەکتەرەکانی ناو حیزبە کوردییەکان ئاسوودە لەناو ئەو بازنانەدا بژینو نەیەنە دەرێ، بەجۆرێکە کە مێژووی پڕ لەخوێنی حیزبو کارەکتەرەکانی یان ئاغاکانی لەیاد بکرێن، ئەو یەکانگیربوونە (توحد) وەها زاڵو کوشندەیە کە کەسەکان دەخاتەوە قۆناغی کۆرپەلەیی لەباوەشی دایکدا، کە زۆر حیزب لەوێنەی دایکدا خۆ دەنوێنێتو جا شیری مەمکی خۆی بداتێ یان ژەهراو.. بەخۆی نازانێت. ئەوە کام رۆشنبیرە لەناو ئێمەدا کە جیاوازی لەنێوان ئەو شیرو ئەو ژەهرە بکات؟ ئەوە کام مۆراڵو یاساو رێسایە کە پەیڕەوی لێدەکاتو لەهەمان کاتدا تێیدەگات؟ تا کوێ راستە کە وا بزانێت ئەو حیزبو گروپەی ئەم تیایدا چالاکە تا سەر ئامادەیە لەبەرەی چەوساوەکانو بندەستەکان بێت؟ چۆنو بەچ میکانیزمێك جەنگی خۆی لەجەنگی سیاسەتباز جیادەکاتەوە؟ ناکرێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە حیزب باوەش بۆ هەمووان دەکاتەوە، کێشەی گەورەی لەگەڵ ناسنامەو جەوهەری کەسەکاندا نییە، سەرەتا سوێندت دەدات، بەڵام لەیادی دەچێتەوە بۆچی سوێندی داویت، گرنگ ئەوەیە مەردوومەکان هەڵبلووشێت تاوەکو جەستەی حیزب قەبەترو

قەڵەوتر بێت، جا چ خۆراکەکەی رۆشنبیر بێت یان ناڕۆشنبیر. زۆر جاران شەڕو رقو دووبەرەکی ناو چایخانەو مەیخانەکان وایکردووە دوو خوێندەوار لەداخی یەکدی دوو سەنگەری جیاوازو دژ بەیەك هەڵبژێرن، بەناوی خوداوە یان پاراستنی نیشتیمانەوە تا قیامەت ئامادەبن بجەنگن، لەسەروەختی تەنگژەی سیاسیدا قەڵەمیش لەپاڵ چەکدا گەرمتر بووە، بۆ هەر کامیان بێت سوپایەك ئامادەو سازە بۆ ئەو شەڕو ململانێیە، لەوەختی ئاشتی کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ ستایشی حیزبو سەرکردەو دەستکەوتەکانی لەگەڕدان، لەوەختی تەنگژەو ئاڵۆزیدا بازاڕی زیرەکترین جنێوفرۆش کە لەشەڕە قسەدا نابەزێت گەمتر دەبێت، لێرەدا زمانی باڵاو شەنگی نووسینو هەوڵی شیکاری رووداوەکان دەدۆڕێتو ژمارەی شەڕنووسەکان پتر دەبنو زمانی زاڵ دەبێت بەزمانی گۆڕهەڵکەنەو دوا مۆدێلی جنێو فرۆشیو رسواییکردن، لەهەموو ئەو قۆناغو پێچە رکانەدا رۆشنبیری راستەقینە دەکەوێتە پەراوێزەوە، تەنها ئەو کاتە سیاسەتبازەکانی ناو حیزبو میرانی جەنگ بانگی دەکەن بۆ سەر سەکۆکان کە چەندە لەسوودو بەرژەوەندی ئەوان دەدوێت یان کە ململانێی سیاسی بەتەواوی دەگاتە بنبەستو داخستنی هەر هەموو دەرگاکانی گفتوگۆو نەمانی دوا فیشەكو گوللەتۆپو دوا وشەی فەرهەنگی جنێوان، چونکی لەشایی خوێندا زورنا گێوەکانو دەهۆڵ ژەنەکان دێنە مەیدانیو شاباشی گەورە دەچننەوە. ئەو کاتەی رۆشنبیر بانگ دەکرێت بۆ بەشداریکردنێکی چالاکانە بۆ سەرخستنی ئاشتیو بەخشندەیی، بانگ دەکرێتە ناو کوشتارگایەك پڕە لەتەرمو میراتێکی گەورەی ساڵانی خوێنو فرمێسكو ئارەقە کە مێژوویەکی درێژی دوژمنکاریو خوێنخۆری لەدوای خۆیەوە رادەکێشێت، رۆشنبیر وەك (عیسا)یەك داوای لێدەکرێت مردووەکان زیندوو بکاتەوەو موعجیزە بنوێنێتو خوێنو فرمێسكو ئارەقە لەگیانی جەنگاوەرەکان بشواتەوە، خۆ ئەگەر توانای ئەو پەرجووەی نەبوو، وەك ئەوە وایە خیانەتی لەپەیامی پێغەمبەرانەی خۆی کردبێت، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی کە بیرۆکەی گەڕان بەدوای (فریادڕەس)دا خۆسەپێنەرەو خەون بەهاتنی پاڵەوانێك کە هەمووان رزگار دەکات لەو دێوە رەشەی سەرچاوەی رووبارەکەی گرتووەو ئاوەدانیو ئاو بۆ خەڵکی دێنێت، بیرۆکەو خەونێکی زاڵە لەلای هەمووان.

هەروەك چۆن گەڕان بەدوای باوکی دینی رێخۆشکەرە بۆ پیرۆزکردنی باوکی سیاسی، بەهەمان پێوەر دروستکردنی باوکی فیکری لەناو وەها ژینگەو کەلچەرێکدا رەوایەتی خۆی وەردەگرێت، ئەوسا رۆشنبیر لەوە دەکەوێت کە بەتەنها بەرهەمهێنەرێك بێت لەبوارەکانی فیکرو سیاسەتو رۆشنبیرییەکی فرە لایەن، ئەم چیدییە عەقڵێکی چالاك نییە لەو بوارانەدا، بەڵکو وەك پێغەمبەرەکان نواڵەو نوورێك وا بەدەوری سەرییەوەو سیحرو ئەفسوونو شکۆمەندییەکی پێدەبەخشرێت

کە بەدەرە لەخەسڵەتی مرۆڤبوون، گەرچی ئەم داهێنەرێکەو واقیعی دەوروبەر دەخوێنێتەوەو نزیکمان دەخاتەوە لەبینینی ژیان بەهەموو کێشەو گرفتەکانەوە، بەهەموو پرسیارو گومانەکانەوە، بەهەموو ئەو ئەگەرانەی کە دەیخاتە بەرچاوان بۆ دەرچوون لەو تەنگژە رامیاریو ئابوورییانەی کە کۆمەڵگایان دووچاری پشێوی کردووە، کە بەهەموو ئەو ئەزموونو مەعریفەتەی هەیەتی هەوڵدەدات پەیوەندی لەگەڵ ئەوانیدیکەدا بگرێت، تواناکانی خۆی تاقیدەکاتەوە، لەناو گەمەیەکی مەعریفیدا، بەڵام دڵنیایە نووسینو کۆڕو کۆبوونەوەکانی، هەر هەموو چالاکییە فیکرییەکانی بەتەنها تەقەللایەکە بۆ شیکردنەوەو تێگەیشتن لەو بارودۆخە ئاڵۆزەی مرۆڤ تێیکەوتووە، هیچ یەقینو حەقیقەتێکی جێگیرو نەگۆڕی تێدا نییە، چونکە بایی ئەوەندە هۆشیارە کە بزانێت توانا زاتیو فیکریو مرۆییەکانی لەکوێدا کۆتاییان دێت، ئەوەش بەو مانایە نایەت کە شکستێکی فیکری بەرۆکی گرتووە یان زمانو کەرەستەی تەواوی پێنییە بۆ خوێندنەوەی رووداوەکان، بەڵکو قایلبوونە بەوەی ئەم تێڕامانە رەخنەییەکانی خۆی پەخش دەکات، بەو مانایە نا کە رۆشنبیران لەنێوەندێکی داخراودا بژین، چونکە هەرچەندە پڕ بەرهەم بن، ناچنە ناو خانەی) ئینتلجنسیا )وە گەر بێتو ئەو مەعریفە کەڵەکەبووەی ئەوان کاریگەری نەبێت لەسەر سیستمی نیشانەیی رەمزی کۆمەڵگا، ئەو کاریگەرییە مەعریفییە زەحمەتە گەر ژمارە هەرە زۆرەکەی کۆمەڵگا لەقۆناغی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا بێت، چونکە تەواوکردنی کلاسەکانی خوێندن یان هەتا تەواوکردنی قۆناغی زانکۆش مانای ئەوە نییە مرۆڤەکان ئاشنا دەبن بەفیکرو مەعریفەت، بەتایبەتی لەوڵاتێکدا کە کەلتووری خوێندنەوەی تێدا نەبێت وەك ئەوەی لای خۆمان باوە کە تەڵاقێکی هەمیشەیی لەنێوان مەردوومەکانو کتێبەکاندا هەیە، هەربۆیە رۆشنبیر لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا بوونەوەرێکی زیادەو دەچێتە خانەی کەمالیاتەوە، سەرباری سەپاندنی) پێداگۆگی بەگەلحۆکردن) لەنا هەموو خانە پەروەردەییەکاندا. دیارە رۆشنبیرێكو دووان بەتەنها ناتوانن ببنە دەسەڵاتێکی مەعریفیو رێکخراو بۆ گەیاندنی پەیامی فیکریو ئێتیکی خۆیان گەر بەکۆ لەتەك ژمارەیەکی دیکەدا خڕ نەبنەوە، لەڕێگای چەندین دەزگاو کەناڵەکانی راگەیاندنو گەیاندندا تێکەڵ بەکاروباری هاوڵاتیان نەبنەوە، مەرج نییە هەر هەموویان لەناو یەك دەزگاو یەك وێرکشۆپدا کۆببنەوە، بەڵام گرنگە بەرهەمی هەر هەموویان لەخزمەتی هەموو خەڵکیدا بێت بۆ بەرگریکردن لەمافەکانیان، جۆرێك بێت لەڕێنوێنیو نوێنەرایەتی هەموو ئەو کەسانەی زمانو گوێو چاویان لێسەندراوەتەوە، بێئەوەی کەسیش هەڵبیژاردبێت، بێ ئارەزووی بوون بەدەسەڵاتێکی خۆسەپێنەر کە رۆڵی باوکی فیکری بگێڕێت، چونکە مەترسی هەرچەشنە دەسەڵاتێك لەوەدایە کە ئەو کەسە دووچاری خودپەرستیو خۆویستی بێت، مامەڵەی رۆشنبیران لەتەك رەمزەکانو ماناکانو بەهاکاندایە، هەربۆیە دەپرسین ئاخۆ لەمیانەی تێکۆشانی خۆیدا چ

ڕۆڵێکی پێشەنگانە دەبینێتو چەندە کاریگەری دەبێت؟ ژمارەیەك لەبیریارەکان گومان لەو ڕۆلەدەکەن کە ئەوەندە کاریگەرو ڕاستەوخۆ بێت، لەوانەش: ڕێجیس دۆبرێو ریچارد دورتیو عەلی حەرب، چونکە ئەوە ڕۆشنبیر نییە بەتەنیا بەرپرس بێت لەهەموو کێشەو بێشەکانی پەیوەست بەخەڵکی لەبەرگە ماددیو ڕۆحیو ڕەمزییەکانیدا، چونکە لەتەك ڕۆشنبیراندا کۆمەڵێك کارەکتەری ناو جیهانی سیاسەتو ئاینو خێڵەکانو سەرمایەداران، کە زۆریان چەندەها کەناڵی ڕاگەیاندنو ئیمپراتۆریەتێکی ماسمیدیایی لەخزمەتی ئەواندا دەگەڕێت، چەندەها ئامرازی ماددیو مەعنەوییان لەبەردەستدایە کە ڕۆشنبیران نیانە، لەوەشدا ئەوان کە هەموو هێزو دەسەڵاتێکیان هەیە کاریگەری گەورەیان لەسەر ژیانو گوزەرانو ڕۆحو عەقڵی خەڵکی هەیە، ئاسانترە گرەو ببەنەوەو لەململانێیەکاندا بۆ سەرخستنی بەرژەوەندی خۆیانو دەستکەوتەکانیان هەم پێشەنگ بنو هەم بجەنگن لەپێناو بەرگریکردن لەبەهاکانی خۆیان. کەواتە ڕۆشنبیر یەکێکە لەناو ئەو هەموو ژمارە زۆرەدا کە باندێك پێکدێنن، ڕۆشنبیر لەو نێوانەدا تاقانەو خاوەن موعجیزە نییە، بەڵکو دەسەڵاتە مەعریفیو ڕەمزییەکەی خۆی دەخاتە گەڕ، هیچ کاتێك ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە کلیلی هەموو دەرگا داخراوەکان لەگیرفانیدایە، یان تەلیسمەکان دەشکێنێتو چی کۆسپو تەگەرە هەیە تەختی دەکات، ئەم بەتەنها بکەرێکی کۆمەڵایەتییە دەنێو هەموو بکەرە چالاکەکانی دیکە، ناکرێت چاوەڕێ بکەین وەك موسا پێغەمبەر گۆچانی سیحراوی خۆی فڕێبداتە گۆڕێو موعجیزە بنوێنێت، گۆچانەکەی ببێت بەشامارێك تاوەکو هەموو مارەکانی دیکە بخوات کە لەو ناوەدا هەن